# حوكمی ئەو كەسەی كە لەمیقات نیەتی ئیحرام ناهێنێت

[ kurdish – كوردی – كردي ]

## شێخ عبد العزیز بن باز


وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی كوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز



2012 - 1433

IslamHouse.com

# ﴿ حكم من ترك الإحرام من الميقات ﴾

« باللغة الكردية »


عبد العزيز بن عبد الله بن باز



ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2012 - 1433

IslamHouse.com

## حوكمی ئەو كەسەی كە لەمیقات نیەتی ئیحرام ناهێنێت

**پرسیار :** كەسی نیازی هەبوو حەج یان عومرە بكات بەڵام لە میقات نیەتی ئیحرامی نەهێنا، بەڵكو لەپاش ئەوەی لەمیقات تێپەڕی نیەتی هێنا، دوای ئەوەش حەج یان عومرەكەی تەواو كرد. چی لەسەر واجب دەبێت؟

**وەڵام :** سوپاس بۆ خوای گەورە .

ئەگەر كەسێك نیەتی ئەوەی هەبوو حەج یان عومرە بكات، بەڵام لەمیقات تێپەری كرد و نیەتی ئیحرام بەستنی نەهێنا، لەسەری واجبە شەكێك سەر ببڕێت ودابەشی بكات بەسەر هەژارانی حەرەمی مەككەدا، ئەویش بەبەڵگەی ئەو فەرموودەیەی كەپێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی : « هن لهن ولمن أتى عليهن من غير أهلن ممن أراد الحج والعمرة، ومن كان دون ذلك فأهله من حيث أنشأ حتى أهل مكة من مكة » [ متفق عليه ] واتە : پاش ئەوەی میقاتی هەموو ناوچەكانی دیاری كرد، فەرمووی ئەم جێگایانە میقاتی ئەو كەسانەیە لەو جێگایانەوە دێن یان كەسانێكی تریش بەو جێگایانەدا تێپەڕ دەبن كە نیەت و نیازی حەج وعومرەیان هەیە، ئەوانەشی جێگا و

مەكانيان لە خوار ئەم جێگايانەوەيە ئەوە هەر ماڵ و جێگاكانی خۆيانەوە نيەتی ئيحرام دەهێنن، تەنانەت خەڵكی مەككە هەر لەمەككەوە نيەتی ئيحرام دەهێنن .

تەنها ئەوەندە هەيە خەڵكی مەككە ئەگەر ويستيان عومرە بكەن دەبێت لە سنووری حەرەم بچنە دەرەوە (بۆ نموونە بچنە تەنعيم) چونكە كاتێك عائيشە (خوای لێ ڕازی بێت) لە مەككە بوو داوای لە پێغەمبەر (صلی الله عليه وسلم) كرد كە عومرەكەی بكاتەوە، فەرمانی كرد بە عبد الرحمن ی برای كە بيباتەوە بۆ تەنعيم بۆ ئەوەی لەوێوە نيەتی ئيحرام بهێنێت بۆ عومرەكەی .

خوای گەورە زانا وشارەزاترە .

سەرچاوە: مجموع الفتاوی للشيخ ابن باز(١٦٨/١٧).